# مەلای گەورەی کۆیە و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردیدا

# الملا كبير الكويي و دوره في تطوير وعي المجتمع الكردي

# Malay Gawra and his role in enhancing the awareness level in Kurdish society

جەمال فەتحوڵڵا تەیب[1]

[1] بەشی مێژوو،فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: jamal.fathulla@koyauniversity.org

## پوختە

مەلای گەورە (محەممەد جەلیزادە) یەکێك بووە لە مەلا دیار و بەرچاوەکانی کوردستان، کە هاوشێوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە باشووری کوردستان و ناسر سوبحانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەعید نەورەسی لە باکووری کوردستان ناوی دەهێنرێت، کە دەور و ڕۆڵی کاریگەری لە پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی بینیوە، بەتایبەتی لە چاکسازی لە بواری ئایینی و هزریدا. مەلای گەورە، لە دوای پێگەیشتن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە لایەن مەلا عەبدوڵڵای باوکییەوە، بە هۆی دید و ڕوانییە جیاوازەکانی بووە جێی سەرنجی خەڵکی کوردستان، چونکە لەو سەردەمە بە هەموو شێوەیەك دژی خورافیات و ئەفسانە بووە، هەروەها بە توندی لە دژی شێخ و دەروێشەکانی کۆمەڵگە وەستاوەتەوە، کە بەردەوام دینیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، هەم لە ڕێگەی پەیام و نووسینەکانییەوە، هەمیش لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکاتەوە و بیر کراوە بن.

**کلیلە وشە:** (مەلای گەورە، کۆیە، جەلیزادە، ئایین، چاکسازی، هۆشیار کردنەوە)

## ملخص

الملا الكبير (محمد جليزاده) احدى العلماء المشهورين في كردستان ذاعت شهرته كعبدالكريم المدرس في جنوب كردستان و ناصر سبحاني في شرق كردستان، و سعيد نورسي في شمال كردستان، هولاء لعبوا دورا مميزا في تقدم المجتمع الكردي و خاصة في كتابة تفسير القران الكريم باللغة الكردية و الاصلاحات الدينية، الفكرية و والاجتماعية. عندما اكمل الملا الكبير الدراسة الدينية، منح والده الملا عبدالله الاجازة العلمية، نظرا لما يتميز به من الاراء الفكرية المختلفة وكان محل اعجاب ابناء أقرانه، لانه حارب الاسطورة والخرافيات وكذلك وقف ضد الشيوخ و الدراويش (التصوفية الخرافية) الذين استغلوا الدين لصالحهم دوما عن طريق اجرائاته وكتاباتة، وكذلك عن طريق الشعر، بذلك حاول نشر الوغي الفكري الانفتاحي في المجتمع الكردي.

**الكليمات المفتاحية:** (الملا الكبير، كوية، جليزاده، الدين، الاصلاحات، التوعية)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10493 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | jamal.fathulla@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ. ی. د. جەمال فەتحوڵڵا تەیب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The Malay Gewre was one of the well-known and prominent Mullah's in Kurdistan, that looks like Mullah Abdulkarim Mudaris from Southern Kurdistan and Nasir Subhani from eastern Kurdistan and Saeed Norasi from Northern Kurdistan his name is clear to everyone who played a big role in developing Kurdish community more particularly, in the field of Reform in religion. Mullah the great, proceeding his growth and awarding the license of being a Mullah, from his father (Mullah Abdullah) by his different vision and perspectives became the focal center of the people of Kurdistan as during that era he was entirely against all types of superstitions, and myths and severely stood against the Sheikhs and Monks of the society who persistently used religion for their benefits. Thus, he did his best to enlighten the people via his writings and poems.


Key words: (Malay Gewra, Koya, Jalizadeh, religion, reform and awareness)

## پێشەکی

لە کوردستان بە دەیان بنەماڵەی زانستی دیار و بەرچاو هەیە، کە توانیویانە خزمەتی گەورە بە هونەر و ئەدەب و کولتور و فەرهەنگی کوردی بکەن، یەکێک لەوانە بنەماڵەی جەلی زادەیە لە شاری کۆیە، کە لە سنوری کۆیە و ناو شاری کۆیە نیشتەجێ بوونە. کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەی جەلی زادە توانیویانە خزمەتێکی بەرچاو بە کۆمەڵگەی کوردی بکەن، لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەب، هۆشیاری، کوردایەتی، ئایین و هزر و فەلسەفە و چەندین بواری دیکە، لە نێویاندا مەلای گەورە بە سەرقافڵەی سەردەمەکەی خۆی دادەنرێت، کە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی بیری دواکەوتوو لە خورافیات و ئەفسانە داوە.

مەلای گەورە لە سەردەمی خۆیدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی داوە، دژی بیر و ڕەفتاری نابەجێی هەندێ لە شێخ و دەروێشەکان بووە، خەڵکی لە ئەفسانە و خورافیات بە ئاگا هێناوەتەوە، بایەخی زۆری بە خوێندن و زانست داوە، باوەڕی وا بووە لە ڕێگەی خوێندن و خوێندەوارییەوە دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و هۆشیار دروست بکرێت، لەم سۆنگەیەوە نەجیبەی کچی ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان، لە کاتێکدا لەو کاتەدا خوێندن بۆ کوڕانیش بە دروست نەدەزانرا، ئەمانە هەموو هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمان بوو بە ناونیشانی: ڕۆڵی مەلای گەورەی کۆیە لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر هەوڵە ڕیفۆرمخواز و پێشکەوتووخوازەکانی مەلای گەورەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها هەنگاوەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی بەستراوە، لەسەر بنەمای شرۆڤەکردن و بەراوردکاری و هەڵهێنجانی ڕاستی ڕووداوەکان و بەراوردکاری سەرچاوەی گرتووە. توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دەروازە و دوو باس پێکهاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: بنەماڵەی جەلی زادە و مەلای گەورە، کە تێیدا بە کورتی باس لەو بنەماڵەیە و ڕۆڵیان کراوە، هەروەها ژیاننامە و بەرهەمەکانی مەلای گەورە خراوەتە ڕوو، لە باسی یەکەمی توێژینەوەکە تیشك خراوەتە سەر: هەوڵەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە.

## دەروازە: بنەماڵەی جەلی زادە و مەلای گەورە

### یەکەم: بنەماڵەی جەلی زادە

شاری کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە پێشینەیەکی مێژوویی دەوڵەمەندی دێرینی هەیە، چونکە شوێنێکی گونجاو بووە بۆ ژیان و خاکی بە پیت و ئاوی هەبووە، هەر لە کۆنەوە جێگەی نیشتەجێبوون بووە، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان، لەگەڵ هاتنی لەشکری مووسڵمانەکان بۆ کوردستان کۆیە ناوی هاتووە، هەروەها لە سەردەمی حوکمڕانی ئەمەوی و عەباسییەکاندا کۆیە ناوەندێکی ئاوەدان بووە، لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان بۆ عێراق، کۆیە بووەتە سنجاق و سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، لە کاتی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، سەرەتا کۆیە سەر بە میرنشینی ئەردەڵان بووە، لە پاشاندا کەوتوەتە نێوان ململانێی میرنشینی سۆران و بابان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان (صالح، ٢٠١٩، ١٤٢). بە درێژایی مێژووی شاری کۆیە چەندین بنەماڵە و کەسایەتی دیار و بەرچاو هەبوون، کە ڕۆڵیان لە پێشخستن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، یەکێك لەوانە بنەماڵەی جەلیزادەیە.

بنەماڵەی جەلی زادە، یەکێکە لە بنەماڵە زانستییە دیارەکانی کوردستان، کە لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان و سنووری کۆیە، ناوبانگیان لە ڕێی کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەکەوە دەرکردووە، لەوانە: مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە، مەلای گەورە، مەسعوود محەممەد، نەجیبە جەلی زادە و... لەو ماوەیەشدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و خوێندنی ئایینیدا لە مێژووی شارەکە بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی هەبووە.

لە ڕاستیدا بنەماڵەی جەلیزادە خزمەتی زۆریان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری کۆیە کردووە، ئەو بنەماڵەیە درێژکراوەی خێزانێکی زانستین کە بۆ چەند سەدەیەک خزمەتی زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیرییان کردووە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٥).

ڕەچەڵەکی بنەماڵەی جەلی زادە، دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرە و بۆتان، کە لە نەوەی شێخ برایمی جەزیرین، لە باکووری کوردستان، تاکوو ئێستا هۆکاری جێهێشتنی باکوور و هاتنیان بۆ باشوور، بە نادیاری ماوەتەوە (جەلی زادە، ٢٠١١، ٣٧).

لە دوای هاتنی بنەماڵەی جەلیزادە بۆ باشووری کوردستان، ڕوو دەکەنە پشدەر و لە ناوچەی بێگەڵاس دەگیرسێنەوە (گورژی، ٢٠٠٩، ٩٢)، هەریەک لە مەلا ئەبووبەکر ناسراو بە (حاجی گەزۆ)، مەلا حەسەنی کوڕی مەلا ئەبووبەکر، مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن، مەلا حەسەنی کوری مەلا برایم و مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن کە پێنج پشت دەکات، لە بێگەڵاس ماونەتەوە . لە دواتردا و لە سەردەمی مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن ڕوو دەکەنە بناری کۆسرەت و لە گوندی شیواشان نیشتەجێ دەبن، لەوێدا کوڕێکی مەلا برایم بە ناوی محەممەد ناسراو بە مەلازادەی شیواشان لە ناوچەکەدا ناوبانگی بڵاوبووەتەوە، کە بە کەسێکی دیندار و خواناس ناسراوە. لە دواتردا کوڕە گەورەی مەلازادەی شیواشان بە ناوی عەبدوڵلا، کە دە برای لە خۆی بچووکتری هەبووە، لە شیواشانەوە دەچێتە گوندی جەلی نزیک کۆیە لە بناری شاخی ئاوەگرد (محەممەد، ٢٠٠٩، ٣- ٥).

مەسعوود محەممەد لە بارەی بنەماڵەی جەلیزادە لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا دەڵێت: "پێنج پشت لە باپیرانمەوە بە جەلیزادە ناسراون، بەڵام پشتی شەشەم نازناوی کاکی جەلیان هەبووە، نەک جەلیزادە." (محەممەد، ٢٠٠٩، ٤).

وردتر بڵێین لە ساڵی ١٧٩٥ لە سەر داوای عەبدولرەحمان میری بابان چوونەتە کۆیە و مزگەوت و خوێندنگەی بۆ کردوونەتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بتوانن وەکوو پێویست خوێندنگە و پرۆسەی خوێندن گەشە پێبدەن گوندەکانی (جەلی، پیبازۆک، چنارۆک، قەسرۆک، هیزۆب و گەلی گوڵان)یان بۆ وەقف دەکات، ئەم بنەماڵە زانست پەروەرە دوای نیشتەجێ بوونیان لە شاری کۆیەدا، دەیان مەلا و شاعیر و ڕووناکبیر لە خوێندنگەکانیاندا پێگەیشتوون، لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە کۆیە و هەموو کوردستاندا خزمەتی زانست و ڕۆشنبیرییان کردووە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٥).

هەر یەک لە مەلا عەبدوڵلا و مەلا عەبدولڕەحمان لە گوندی جەلی ژیانیان بەسەربردووە. لە پاشان مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا

عەبدولڕەحمان، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەد ناسراو بە کاکی جەلی، مەلا محەممەدی کوری مەلا عەبدوڵلا و مەسعوودی کوڕی مەلا محەممەد لە سنووری جوگرافی کۆیە نیشتەجێ دەبن. لە ماوەی ژیانیاندا هەر یەک لە ئاست خۆیەوە ڕۆڵی گرنگیان بۆ کورد و کوردستان هەبووە، بە تایبەتی لە ڕووی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە. چونکە هەریەک لەو کەسایەتییانە بە هۆی پێگە و لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە کاریان بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە و هانی کوردپەروەریی و نیشتمان دۆستیان داوە (مودەڕیس، ٢٠١٠، ٤٣١- ٤٣٣؛ جەلی زادە، ٢٠١١، ١١).

هەروەها سەبارەت بە بنەماڵەی جەلیزادە، حاجی قادری کۆیی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ پەسنی بنەماڵەی جەلی زادە پارچە شیعرێکی بۆ مەلا عەبدوڵلای باوکی مەلای گەورەی هاوڕێی ناردووە، کە تێیدا دەڵێت:

بە غەیری جەددی ئێوە کێیە دانا

لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٥).

ئەمەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە بنەماڵەی جەلیزادە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پێشخستنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستاندا هەبووە. لە لایەکی دیکەوە دەرخەری ئەوەیە کە بزاڤی خوێندن و خوێندەواری لە کۆیە بە بەراورد بە شوێنەکانی دی کوردستان لە ئاستێکی باشدا بووە، شاری کۆیە لە سەرەتای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بوژانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٢).

بەو پێیە دەردەکەوێت کە مێژووی بنەماڵەی جەلیزادە پڕیەتی لە کەسایەتی دیار و بەرچاو، هەمووان لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك کاریان کردووە، دواجار تێکڕا بە یەکەوە بوونەتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی کوردستان بە گشتی و کۆیە بەتایبەتی.

## دووەم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی مەلای گەورە

مەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولڕەحمانی کوری مەلا عەبدوڵڵای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمی کوری شێخ حەسەنە، ساڵی ١٨٧٦ لە نێو بنەماڵەی جەلیزادە لە شاری کۆیە لەدایك بووە. دایکی ناوی عائیشەی کچی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە (حاجی، ٢٠٠٨، ٣٢).

عائیشەی دایکی مەلای گەورە، ساڵی ١٨٨١ کۆچی دوایی کردووە، دووو ساڵ دواتر و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا مەلای گەورە لە سوختەخانەوە دەست بە خوێندنی ئایینی دەکات و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، کاتێکیش تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ لە لایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بە هۆی زیرەکی و بە توانایی لە ماوەیەکی کەم بووەتە مەلایەکی ناسراو لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەك خەڵك لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ڕوویان لە شاری کۆیە کردووە تا لای مەلای گەورە خوێندن تەواو بکەن، دەیان کەس لە سەر دەستی مەلای گەورە ئیجازەی مەلایەتییان پێ دراوە (الجوم حیدري، ٢٠٠٦، ١٠٦؛ علاءالدین، ٢٠١٤، ٣٣).

مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلای محەممەدی کۆیی، لە ساڵی ١٩٠٨ کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش وادەکات زیاتر ئەرک بکەوێتە سەر شانی مەلای گەورە. هەروەها مەلای گەورە لە ماوەی ژیانیدا چەندین ئەرك و بەرپرسیارییەتی پێ سپێردراوە (علاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥).

مەلای گەورە، ساڵی ١٩١٦ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی لیوای موسڵ، لەو کاتەدا هەوڵی زۆری داوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، یەکێک لەو کارە گرنگانەی هەوڵی بۆ داوە و لە کاری پێشەوەی خۆی داناوە، کردنەوەی قوتابخانە بووە لە شاری کۆیەدا، کاتێک مەلای گەورە وەک کەسایەتییەکی ئایینی داوای کردنەوەی قوتابخانەی نوێی کردووە، لای زۆربەی پیاوانی ئایینی کوردستان کردنەوەی قوتابخانەی نوێ کارێکی نەشیاو نادروست بووە (سالح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١). لە سەر داواکاری مەلا محەممەد، والی سلێمان نەزیف بڕیاری داوە قوتابخانە لە شاری کۆیە بکاتەوە، بە ناوی (کویسنجاق ئولا- قوتابخانەی یەکەم(١)) (علاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥). دیارە مەلای گەورە هەردەم لە خەمی هاووڵاتییانی کورد بووە، لە بری ئەوەی داوای کەسی هەبێت لە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی، بەرژەوەندی گشتی

لەبەرچاوگرتووە و زانیویەتی چارەی بریني كورد خوێندنە.

لە لایەكی دیكەوە مەلای گەورە لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٨دا قازی شەرعی و دادوەر و دادنووسی كۆیە بووە (عەبدولحەمید، ژ ١٣٣، ٢٠٠٨، ١١٨). لە دادگاش ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەوەی نووسینەكانی دادگا بە زمانی كوردی بێت. چونكە بەر لەوەی مەلای گەورە بچێتە دادگای سەرەتایی كۆیە (محكمة بداءة كويسنجق)، سجلەكان بە زمانی توركی نووسراوە، چونكە زمانی سەرەكی ئەوكاتە توركی بووە، بەڵام مەلای گەورە لە تۆماركردنی زانیارییەكانی دادگا زمانی كوردی و عەرەبی بەكارهێناوە، ئەمەش لەوكاتەدا بۆ خۆی شۆڕشێك بووە، تەنانەت حوجەی ژمارە ٥١ لە (سجل الحجج الشرعية)ی ساڵی ١٩١٩ بە زمانی كوردی نووسراوە، یەكەم حوجەش لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٩١٩ لە لایەن مەلای گەورە تۆماركراوە (عبدالحمید، ٢٠١٥، ٩- ١٠).

لە ساڵی ١٩٢٠یشدا مەلای گەورە و جەمیل ئاغای حەوێزی یادداشتیان بۆ حاكمی سیاسی بەریتانی بەرزكردووەتەوە و داوای دروست كردنی دەوڵەتی كوردییان كردووە (عەلاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥). هەروەها لە ساڵی ١٩٢٤ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لەو پۆستەدا هەوڵی زۆریداوە بۆ چەسپاندنی مافی میللەتەكەی و پەیوەندییەكی سیاسی بەهێزی لەگەڵ كەسایەتییە سیاسییەكانی ناوخۆ و دەرەوە و بەریتانیای ئەوكاتەدا هەبووە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

مەلای گەورە، بایەخێكی زۆری بە خوێندنەوەی كتێبی ئایینی و زانستی و سیاسی و مێژوویی داوە، هاوكات بایەخی بە زمانی كوردی داوە، لەگەڵ ئەوەی زمانی عەرەبی و فارسی و توركی بە باشی زانیوە (بابانزادە، ٢٠١٢، ١٤٦). هەروەها لە پەراوێزی مەلایەتیدا شاعیریش بووە، زۆربەی شیعرەكانی هەڵقوڵاوی كۆمەڵگەی كوردەواری سەردەمی خۆی بووە، زۆرجار لە ڕێگەی شیعرەكانییەوە هەوڵیداوە پەیامەكانی بگەیەنێت (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٥- ١٦).

مەلای گەورە، لە ماوەی ژیانیدا ژمارەیەكی زۆر نووسین و كتێبی نووسیوە، زۆربەی كاتەكانی بۆ زانست و زانیاری تەرخان كردووە، سەرجەم بەرهەمەكانی بە زمانی عەرەبی و زمانی كوردی نووسیوە، كە ئەمانەن:

كتێبە كوردییەكان: (كەلامی خوداوەند/ تەفسیری قورئان، دە بەرگ- فڕی فڕی قەل فڕی- عەقیدەی كوردی- نوێ كەرەوە- دیاری مەلا محەمەدی كۆیی/ شیعر- حیكایەت، خەون، كەرامەت).

كتێبە عەرەبییەكان: (التكميل في وجوب الفرق بين الممكن و والمستحيل-ضياعان: ضياع الحياة، ضياع الدين (دين الاسلام)- ابهى المأرب في اثبات الواجب- الألة وطبيعة العقل و النبوة- حقيقة الاسلام و الايمان والاحسان- الحدس سلم الارتقاء- خراب العالم- ستة اشخاص- غايتي واملي في علمي وعملي- القائد الي العقائد- الكلام الجديد- مسالة الاختيار- المشاهد- المعجزات والكرامات- مقالة في تحقيق صفة الكلام- المصقول في علم الاصول).

ئەو كتێبانەی كە لەلایەن مەلای گەورەوە نووسراوە، لەسەردەمی خۆی بڵاونەكراونەتەوە، بە هۆی كەمی و نەبوونی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەددەی بیستەم بەشێكیان بڵاوكرایەوە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا زۆربەی كتێبەكانی چاپكرا و خرایە بەردەستی خوێنەران، بە تەفسیری كەلامی خوداوەندەوەش (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٥- ١٣٦). جێی ئاماژەیە كە ساڵی ١٩٣٠ بە دواوە بە وادەی پێگەیشتنی تەواوی فیكری و فەلسەفی مەلای گەورە دادەنرێ، چونكە لەو سەردەمەدا زۆربەی زانستە دینییەكانی بە باشی زانیوە، بۆیە دەستی كردووە بە تەفسیری قورئان (كۆیی، ٢٠٠٩، ٧).

مەلای گەورەی كۆیە لە ساڵی ١٩٣٣وە دەست دەكات بە نوسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز (تەفسیری كوردی لە كەلامی خوداوەندی)، مەلای گەورە یەكێكە لەو مەلایانەی كە تەفسیری قورئانی پیرۆزی بە كوردی نووسیوە، هەتا ئەوكاتەش لای زۆرێك لە مەلای كورد بە كوردی كردنی تەفسیری قورئان نادروست و نەشیاو بووە، بەڵام مەلای گەورە وەك مەلایەكی نوێخواز و كراوە هەر زوو ئەو جۆرە بیركردنەوانەی ڕەتكردوەتەوە و بڕوای پێیان نەبووە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

ئەگەرچی مەلای گەورە تەفسیری قورئانی كردووە، بەڵام كاتی خۆی بڵاونەكراوەتەوە، پاش كۆچی دوایی مەلای گەورە، سێ جزمی تەفسیرەكەی

لە ساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٧٠ لە لایەن نەجیبە خانی کچییەوە لە بەغدا لە چاپ دراوە (ڕەسووڵ نەژاد، ژ ٤، ٢٠١٨، ١٢٨).

مەلای محەممەدی کۆیی، لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ و لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی برینی گەدە (قورعەی گەدە)، لە شاری کۆیە گیانی لەدەستدا و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك سپێردرا (ڕۆڤار، ٢٠١٢، ٧).

## باسی یەکەم: هەوڵەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی

مەلای گەورە لە ڕۆژگاری خۆیدا شێخ محەممەد عەبدەی کوردستان بووە، لە یەک کاتدا سیاسی و زانای ئاینی و شاعیر و ڕیفۆرمخواز بووە، لەگەڵ هاتنی بەریتانیا بۆ کوردستان مەلای گەورە دەستی بە خەباتی سیاسی کردووە و لە ڕێگەی نامە و خەباتی دیبلۆماسییەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کوردی داوە، هەروەها لە ڕێگەی نامەیەکی مێژووییەوە داوای لە ئەفسەری بەریتانی کردووە کە گەلی کورد پشتگوێ نەخەن و دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد دروست بکەن، هەتا کوردیش لە گەلانی ناوچەکە دوانەکەوێت و نەبێتە سوتەمەنی خواستی ناڕەوای کەسانی دیکە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

مەلای گەورە بەشداری بەشێکی باش و کارای کردووە لە قسە کردن لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی، لەگەڵ بنەماڵەی مەلا ئەفەندی لە هەولێر هاوکار و هاوئاهەنگییەکی گەورە بووە بۆ قسە کردن لە سەر چارەنووسی مووسڵ و بۆ قسە کردن لە سەر گەشەپێدانی ئابووری و ڕێگەوبان و بواری ڕۆشنبیری کوردستان، لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە پەیوەندی گەورەی هەبووە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٠).

لە ڕاستیدا مەلای گەورە دژایەتی ئەو شتە ناعەقڵانی و پڕوپوچانە دەکات کە تێکەڵاو بە ئاین کرابوو، لە هەمان کاتدا دژایەتی توندی ئەو بیرە دواکەوتووە دەکات کە دژی پێشکەوتن و دروستکردنی فڕۆکە و داهێنراوە زانستییەکانە، یەکەم هەنگاوی ڕیفۆرمخوازی ئایینییە لە ناوەندی ئایینداری کوردستاندا بەرەو ڕیفۆرم و پاکردنەوەی ئاین لە خورافە و شتی بێبەما (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

مەلای گەورە لە ژیانیدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە چاکسازی و ڕیفۆرم لە سەرجەم بوارەکاندا بکات، وەك مەلا کە کاریگەری زیاتری بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە، کۆمەڵگە لە زۆر ئەفسانە و خورافیات و شتی ناجۆر لە ڕێی گوتاری ئایینی و شیعرەوە هۆشیار بکاتەوە، هەڵبەتە زۆر دژی زۆردار و ئەفسانەپەرست و مێشك وشك و دوژمنی ناحەزانی کوردایەتی بووە، بە تایبەت ئەوانەی هەوڵیان داوە ئاین بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکار بێنن، بۆ نموونە: شێخەکان خەڵکیان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنان و دەیانکردنە دەروێش و موریدی خۆیان، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام دژی هەموو ئەو مەلایانە بووە کە دژی پێشکەوتن بوون و هەوڵی چاندنی خورافەیان لە دەماغی خەڵکی داوە (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٦).

مەلای گەورەی کۆیە کۆمەڵێک هەوڵ و چاکسازی کردووە، چونکە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەلای گەورەی کۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و بۆچوون و تێزەکانی (مەدرەسەی ئیسلاحی ئیسلامی) لە میسر و بۆچوونەکانی جەمال الدین ئەفغانی و شێخ محەممەدی عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا، کە داوای چاکسازی لە بیری ئیسلامی دەکەن، لەو سەردەمەشدا کە سەردەمی هاتنی داگیرکەری بەریتانی و ڕۆژئاوایی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکاندا بوو، بە تایبەتی لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، بەشی زۆری نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات دەبن بە خاوەن دەوڵەت، مەلای گەورە دەیەوێت لە ڕێگای دینەوە و لە ڕێگای مەلایەتییەکەی خۆیەوە چەمکی دینداری و چەمکی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بە یەکەوە گرێ بدات، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەدا، ویستویەتی دین لەو قۆناغە تەقلیدی و چەق بەستوەی کە ساڵانێکە و چەند سەدەیە پێیدا دەڕوات، لە کوردستانیش بەو ڕێڕەوە تەقلیدییە تێپەڕێنێت و لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دین بکات و لەگەڵ ژیانی دونیادا و ژیانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەریدا و خزمەت کردن بە نەتەوەکە زۆرێک لە گەلانی دراوسێ ئێمە لە ڕێگەی دینەوە دەتوانن ببن بە خاوەن دەوڵەتی خۆیان (ساڵح، ٢٠٢١، ٥١- ٥٢).

دیارە نووسینەکانی مەلای گەورە لە کوردستان بڵاوبووەتەوە، ئەمەش وای کردووە کردووە بە تەنیا لە کۆیە مەلای گەورە نەبێت، بەڵام

کاریگەری نووسین و مەلایەتییەکەی بە زۆری لە کۆیە چڕبۆوە، بەڵام کاتێک کە مردووە لە مهاباد پرسەنامە و پرسەی بۆ دانراوە، تەنانەت لە گۆڤاری نیشتمان بە ستونێکی زۆر گەورە بە پیاهەڵدان و سەنایەکی زۆر گەورە هەواڵی کۆچی دوایی مەلای گەورەیان بڵاوکردووەتەوە، هەڵبەتە ئێستاش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە بەشەکانی کوردستان دەبینین ئەم بەسەرهاتانەی مەلای گەورە لە بواری قەزاوەت و دادگەری، لە بواری دین و تێروانینەکانی بە زارەکی بڵاوبووەتەوە، واتە لە ناو مەلایەکانی کوردستان کاریگەری قسە و کاریگەری قەزاوەت و هەڵوێستەکانی هەر ماوە (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٤- ٤٥)

مەلای گەورە دەیان چامە شیعری بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لە خەوی بێئاگایی و نەزانی نوسیوە، شیعرەکانی زۆر سادەن و هەموو کەس دەتوانێت لێیان تێبگات، ناوەرۆکی شیعرەکانی دەچنەوە بە گژ بیری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و خورافیاتی دەروێشی و فێڵ درۆ و دەستبڕینی خەڵکی هەژاردا، لە هەمان کاتدا داوای خوێندن و خوێندەواری و زانست و پێشکەوتن دەکەن (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١). هەروەها بە هۆی شیعرەوە هەوڵی داوە خەڵك لە فێڵ و تەڵەکەبازی شێخ و دەروێشەکان و ئەوانەی دین بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکار دێنن بە ئاگا بێنێتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کۆیە یادی نەورۆز کراوەتەوە، مەلای گەورە سوودی لەم بۆنەیە وەرگرتووە، کە نەورۆز بۆنەیەکی کورد و کوردانەیە، لە هەمان کاتیشدا سوودی لە کۆبوونەوە و ئاپۆڕا جەماوەرییەکە وەرگرتووە، لەوێدا پەیامەکەی خۆی گەیاندووە، کە پەیامی پەروەردەیی کوردانە و زانستیانە بووە، بۆ تەجاوزکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی لەو نەفامیە و نەخوێندەوارییەی، دیوێکی تری مەلای گەورە کە پێی وایە دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگا و حکومەت و پێشکەوتن لە ڕێگەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە دەبێت لە ڕێگەی فیزیا و کیمیا و زانستی فەلەک و قوتابخانەوە دەبێت، جگە لەوانە پێی وایە دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئابوورییەکی سەربەخۆ و لە سەر بنەمای ئاوەدانی و ڕێگەوبان دادەمەزرێت، مەلای گەورە ڕووئیایەکی زۆر گەورەی هەبووە بۆ دەوڵەتداری بۆ ئاوەدانی و حوکمڕانی (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٥- ٤٦). مەلای گەورە داوا دەکات کە گەلی کورد بە گشتی و بەتایبەتی خەڵک و چینی خوێندەوار دەتوانن سوودێکی زۆر لە شارستانییەتی نوێی ئەوروپا وەربگرن، منداڵان بخرێنە بەر خوێندن و قوتابخانەی نوێ بکرێتەوە (ساڵح، ٢٠٢١، ٥٢- ٥٣). دیارە قوتابخانەی بە گرنگترین بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە داناوە، لێرەدا کەسیەتی مەلای گەورە بە دیار دەکەوێت، کە لەو سەردەمەدا هەستی بە ئێش و ئازاری نەتەوەکەی کردووە، چارەسەری گونجاویشی بۆ دەستنیشان کردوون، کە خوێندن و زانستە.

ڕووبەڕووبونەوەی شێخ و تەکیە و خانەقا، لەلایەن مەلای گەورەوە، یەکێکە لە چاکسازییەکانی کە بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردووە، هەوڵیداوە کە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە و تێیان بگەیەنێ، کە ئەمەی دەکرێ تەنیا کرداری دونیایین و بۆ مەبەست دەکرێت. لە هەڵوێستێکی لەم شێوەیەدا، ئەگەر پێگە کۆمەڵایەتی و پێگە زانستیی و ناسراوی بنەماڵەی جەلی زادە نەبووایە، دوور نەبووە مەلای گەورە لە شارەکە دەربکەن، چونکە شێخەکان لەو سەردەمدا خەڵکی زۆریان لەگەڵ دابووە. لە پێشوتریش لەسەردەمی مەلا عەبدوڵلای باوکی مەلای گەورە بۆ ماوەیەك دوورخراوەتەوە، هەروەها حاجی قادری کۆیی، لە کۆیەوە ئاوارەی ئەستەنبوڵ کراوە (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٧).

مەلای گەورەی کۆیە وەك کەسایەتییەکی ئایینی هەمیشە جەختی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردووەتەوە و هەموو هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بەرانبەر بە مەسیحی و جوولەکەکانی کۆیە ڕەتکردووەتەوە، تەنانەت لە مانگی ڕەمەزاندا دانیشتووانی کۆیە بە جیاوازی چین و توێژەکانەوە دەچوونە مزگەوت بۆ گوێ گرتن لە وتارەکانی، کە خەڵکی مەسیحیشی تێدا بوو، چونکە مەلای گەورەی کۆیە جگە لە وتاری ئایینی زۆر جار باسی بابەتی زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەکرد، تەنانەت هەندێ لە مامۆستایانی مەسیحیش ئامادەی ئەو دانیشتنانە دەبوون (تەیب و شێخ بزێنی، ژ ٣٣، ٢٠١٤، ٩٢- ٩٣). هەروەها ڕێزی زۆری لە مەسیحییەکان و جوولەکەکان گرتووە، بە شێوەیەك کاتێك دەچوونە مەجلیسی مەلای گەورە لە سەری مەجلیس دایدەنان، کاتێکیش کارەکەیان تەواو دەبوو هەتا بەر قاپی بەڕێی دەکردن، تەنانەت زۆر لەگەڵ قەشە دادەنیشت و لە هەموو بۆنە و جێژنەکانیش سەردانی مەسیحییەکانی کردووە، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "هیچ جیاوازییەك نییە، ئەوانە هەمووی دیینی سەماوین، پێغەمبەری خۆیان هەیە و خودا دەناسن." (صلیوە، ٢٠١٧، ١٧٧).

تەنانەت مەلای گەورەی کۆیە داکۆکی لە جوولەکە و مەسیحییەکان کردووە و هاوکاریان بووە، بۆ نموونە: جارێک چەند کەسێکی تێنەگەیشتووە هەوڵیان داوە هەڵکوتنە سەر ماڵی فەرەجە جوو و جوەکانی دیکە، لەم کاتەدا مەلای گەورەی کۆیە ڕێگری کردووە. هەروەها جارێک مەسیحییەک سەردانی مەلای گەورە دەکات، مەلای گەورەش پیشوازییەکی گەرمی لێ دەکات و لە سەری مەجلیس دایدەنێت، کەسێکی مووسڵمانیش پێی ناخۆش دەبێت، مەلای گەورەش تووڕە دەبێت و ڕوو لە مووسڵمانەکە دەکات و پێی دەڵێت: "هەر تۆ نەبووی دوێنێ کرنۆشت بۆ لایني (بەرپرسێکی ئینگلیز بووە لە کۆیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢١) ئینگلیز دەبرد، تاکو ببینی ئەدی ئەویش مەسیحی نەبوو؟ ئیدی کابرای مووسڵمان دەردەکات." (ئەحمەد، ٢٠٢١/ ب، ٤٣).

مەلای گەورە، مەلایەکی جیاواز و ڕوانگە و هزر باڵا بووە، لە چاو تاکەکانی سەردەمی خۆی، ئەمەش کاریگەری زۆری بە سەر منداڵەکانی و دەوروبەرییەوە هەبووە. لەو سەردەمدا، خەڵک کوڕیان نەدەنارده بەر خوێندن، بەڵام مەلای گەورە، بە پێچەوانەوە نەجیبە(٢)ی کچی لە ساڵی ١٩٢٤ نارده قوتابخانە و لەگەڵ کوڕاندا خوێندوویەتی، ئەمەش بە ڕیفۆرم و چاکسازییەکی گرنگی کولتوری و فەرهەنگی ناوبراو ئەژمار دەکرێ، چونکە لەو سەردەمەدا پرسی ناردنی منداڵان بە تایبەتی کوڕ بۆ قوتابخانە، لە لایەن بەشێک لە مەلاکانەوە پەسند و ڕەوا نەبووە، بۆ کچانیش بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نەبووە (ئەحمەد، ٢٠٢١/ أ، ٨٦). دیارە مەلای گەورە بە تاکە کەس دادەنرێت لە کوردستانی عێراق کە لەو سەردەمەدا کچی خۆی ناردووەتە بەر خوێندن تا لەگەڵ کوڕاندا بخوێنێت، بێ گوێدانە تانە و توانجی خەڵکی نەزان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دواتر خەڵکی دیکەش کچی خۆیان بنێرنە بەر خوێندن.

نەجیبە بە یەکەمین کچ دادەنرێ کە لەگەڵ کوڕاندا لە قوتابخانە خوێندوویەتی و بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بووە، ئەمەش بووە ڕچە شکێن و دواتر خەڵکانی دیکە منداڵەکانیان نارده بەرخوێندن. ئەگەرچی لەوسەردەمدا زۆربەی خەڵک جەختیان لە خوێندنی حوجرە دەکردەوە (ئەحمەد، ٢٠٢١/ أ، ٨٧)، بە هۆی چوونی نەجیبە بۆ قوتابخانە، قوتابخانەکە بووەتە یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاو، واتە کوڕان و کچان بە یەکەوە خوێندوویانە لە هەرێمی کوردستان (کانی کوردەیی، ٢٠٢١، ٢٠).

دیارە مەلای گەورە یەکێک بووە لەو زانایانەی کە لە کاتی خۆیدا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بۆ ژنان بەرپا کردووە، ئەمەش بە هۆی ناردنی نەجیبەی کچی بووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە لۆمەی لۆمەکاران، هەرچەندە کە ئەوکات هەرایەکی زۆری لە ناوچەی کۆیە لێ کەوتەوە، پێیان سەیر بوو کە زانایەکی ئاوا گەورە کچەکەی بنێرێتە قوتابخانەی کوڕانی کۆیە، دیارە ڕێزی ژن لای مەلای گەورە پێگەیەکی تایبەتی هەبووە، بەردەوام هەوڵیداوە ژن بێتە ناو کایەکانی کۆمەڵگە (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، ٧٥).

هەر ئەمەش بووەتە هۆکار کە نەجیبە بووە یەکێک لەکەسایەتییە دیارەکانی کۆیە و لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی کوردی بووە و لایەنگر و هاوکاری پارتی هیوا بووە، لە دواتردا و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە ئەندام لەو پارتە، هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢دا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، بە نهێنی سەرۆکی لقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە شاری کۆیە، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ بە شێوەیەکی ئاشکرا بە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتی کوردستان لقی کۆیە هەڵبژێردراوە و لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکان وتاری داوە (سەنگەسەری، ٢٠١٣، ١٠).

نەجیبە خان وەك ئافرەتێکی دیار و بەرچاو ڕۆڵی کارای خۆی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە و خاوەنی چەندین کتێبە، لەوانە: مێژووی شاری کۆیە و مێژووی جەلیزادە.

## باسی دووەم: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە

شیعرەکانی مەلای گەورە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بە شێوەیەك کاتێک شیعری مەلای گەورە دەخوێنێتەوە بە ئاسانی لێی تێدەگەیت، واتە شیعرەکانی بۆ چینی گشتی بووە، لەو ڕێگەیەوە ویستوویەتی خەڵکەکە هۆشیار بکاتەوە، بۆیە بە زمانێکی زۆر سادە سەرکۆنەی تاکەکانی میللەتی خۆی دەکات و ڕێگای ڕاستییان نیشان دەدات (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤١)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گۆڤاری نیشتمان، کە لە مێژووی خۆیدا سێ کتێبی چاپ کرد، یەکێک لەو سێ کتێبەی چاپیان کرد، (دیاری مەلا محەممەدی کۆیی) بوو، کە شیعرەکانی لەوێ چاپ کراوە، واتە یەکەمین کتێبی چاپکراوی مەلای گەورە لە چاپ کراوەکانی گۆڤاری نیشتمانی سەر بە کۆمەڵەی ژێکاف بووە (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٤). هاوکات عبدالخالق علاء الدین لە کتێبی مەلای گەورە، زانا و ئەدیب و شاعیر، دیوانە شیعرییەکەی مەلای گەورەی خستۆتەوە بەردەستی خوێنەران.

مەلای گەورە، جگە لە نووسین و بەرهەمەکانی لەبواری کۆمەڵایەتی و زانستی ئایینی، لە بواری شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جێگای بایەخە، چونکە بەشێک لەو هەست و هەڵوێستانەی کە نەیتوانیوە لەڕێگەی نووسینەوە بیخاتە ڕوو، بە شێوەی شیعر دەری بڕیووە.

مەلا محەممەد کوردپەروەر و نیشتمان دۆست بووە، بەردەوام لە خەمی میللەتەکەیدا بووە و ئاواتی یەکبوونی بۆ گەلی کورد خواستووە و هانی داون بۆ ئەوەی یەکبگرن و پاڵپشتی یەکدی بن، بۆ ئەوەی بەرهەمیان هەبێ، لە شیعرێکدا بەم شێوەیە دەڵێ:

ئەگەر عیزت دەوێ، هەستی بە هیممەت

بە فیکر و سەبر و تەدبیر و کیاسەت

ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لەگەڵ یەک

لە ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک (کۆیی، ٢٠٠٩، ٦٨).

مەلای گەورە، لە شیعرێکی دیکەدا هاوخەمی خۆی بۆ کوردان دەردەبڕێ و دەڵێ:

چ بکەم؟ چ بڵێم لە تاوی کوردان؟

ئاگر دەگرێ دڵم لە دەردان

چارەی چییە؟ خوایە تۆ دەزانی

خۆت عالیمی زاهیر و نیهانی (کۆیی، ٢٠٠٩، ٧٨).

مەلای گەورە، ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ کورد کردوویەتی، ئەگەرنا کوڵی دڵی خۆی بە شیعر ڕشتووە، لە شیعرێکدا کە بێ ئومێدی و دڵتەنگی نیشان دەدات و دەڵێ:

من یەخەی خۆم لە بۆیە دائەدڕم

ئێوە نابن بەهیچ و من دەمرم

دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ

قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٠١).

هاوکات، لە شیعرێکی دیکەدا، دڵتەنگی و خەمباری بە مەلای گەورەوە دیارە، بە هۆی نەخوێندەواری و نارۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە، کە بەم شێوەیە دەڵێ:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

بە زۆری جاهل و نەخوێندەوارن


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

له لای نەوعێ بەشەرێ قەدر و خوارن (علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۰۵).

هەروەها مەلای گەورە، لە شیعرێکدا، نارەزایەتی بەرانبەر بە هاتنی وڵاتانی ئەوروپی بۆ کوردستان دەردەبڕێ و داوا لە خەڵکی دەکا، کە هەڵوێستی هەبێ، بەم شێوەیە دەڵێ:

ئـەم خاکە دایکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبی

ئەی کوردی ساحیب غیرەت تۆ چلۆن رازی دەبی

بۆخۆت ئەوا دەبینی دوژمن ئەرزت دەکێڵێ

پاش چەند ساڵێکی دی هیچت بەدەست ناهێڵی (علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۳۸).

مەلای گەورە لە ڕێگەی شیعریشەوە هەوڵیداوە خەڵکی لە فێڵ و پیلانی شێخەکانی کوردستان هۆشیار بکاتەوە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

هـەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ

ئومێدی زیندەگانیت پێ نـەمێنێ

تەریقی قـادری و نەقشبەندی

بەبای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی (علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۰۷).

هەروەها، لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

شێخی ئەهلی سـوننە و جەماعەت

بە هەمـوو فێڵ و تەدبیر و کیاسەت

هەر وەکوو پاپا بەهەشت دەفرۆشی

وەی قوڕت بەسەر گەلێ بێ هۆشی (علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱٤۸).

هاوکات مەلای گەورە لە شیعرێکی دیکە سەبارەت بە شێخ دەڵێت:

بەسیە بۆ خاتری خـوا بەسیە

تابەکەی بەزمی خانەقا و تەکیە

شێخە فەندی ئیتر بترسی لە خوا

میللەتی قوڕ بەسەر چ حاڵ نەما (علاءالدین، ۲۰۰۹، ۱۵۸).

لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە دەڵێت:

ئەڵێن باران بە ئەمری شێخ ئەباری

بە ئەمری (کن فکان) وەک ئەمری باری

خۆلاسە کاففەیی زەڕاتی عالەم

چ ئەفلاک و چ ئەملاک و چ ئەنجەم

بەئەمری حەزرەتی شێخە دەوامی

حەیات و مەوت و تەرتیب و نیزامی

مەلا گەر پێی و بڵێی نابێ وەها بی

دەڵێن ئەو فاسقە بۆتە وەهابی

وەهابیشیان بەجۆرێ کردووە تەڵقین

وەهابی یەعنی بێ ئیمان و بێ دین

مەلای گەورە لەم دێڕە شیعرانەدا زۆر بە ڕاشکاوی باس لە بیری دواکەوتووی دەروێشیزمی بە ئایینکراوی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە لە لایەن دەروێشەوە چەندە زیادەڕەوی کراوە لە گەورەکردنی شێخانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا، هەتا ڕادەیەک کە باران باراین و ژیان و مردن دراوەتە پاڵ دەسەڵاتی شێخەوە، مەلای گەورە کاتێک ویستوویەتی ئەو بیرە دواکەتووە هەڵەیە ڕاست بکاتەوە بە تۆمەتی بێبنەمای وەهابیبوون تۆمەتباری دەکەن، بیری دواکەتوو توانای گفتوگۆی زانستی نییە و هەر کاتێک کەسێک ڕاستبووە و داوای ڕاستکردنەوەی لێکرد بە تۆمەتی بێبنەما تۆمەتباری دەکەن، ئەم دەردە دڵیەی مەلای گەورە لەم دێڕە شیعرانەدا دەری دەبڕێت، پیشاندانی ئاستی دواکەوتووی تاکی ئاینداری کوردی ئەو سەردەمەیە، لە هەمان کاتدا بەربەستی گەورەی بەردەم پرۆژە چاکسازییەکەی مەلای گەورەیە جگە لەم شیعرانە، لە چەند شوێن و شیعری دیکەدا هەیە و سەبارەت بە شێخەکان قسە دەکات، ئەمەش گوزارشتە لە زۆر بوونی شێخ و تا ڕادەیەک باڵادەستییان بەسەر کۆمەڵگەدا (ساڵح، ژ ٣٨، ٢٠١٧، ٧٤- ٧٥).

هەر وەك باسمان کرد مەلای گەورە یەکێک بووە لەو مەلایانەی کە داکۆکی لە مافی ئافرەتان کردووە و زۆر گرنگی بە یەکسانی نێوان نێر و مێ داوە، لە تەفسیرەکەشیدا زۆر باسی ئافرەتی کردووە، هاوکات لە ڕێگەی شعرەکانییەوە زیاتر جەختی لە سەر کردۆتەوە و بە شێوەیەک باسی کردووە، کە ئەوانیش مرۆڤن و خاوەن مافن لە ژیان و خوێندن و هەموو لایەنەکانی ژیان، یەکسانن لەگەڵ پیاوان و دەتوانن ئەرکی گەورە جێبەجێ بکەن. مەلای گەورە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

بڵێن بە قەومی کوردان

دەستی من و دامێنیان

عەیبە بە هەقی یەزدان

ژن هێنان و تەڵاق دان (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٤٤).

هەروەها لە درێژەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

ژن زینەتی دنیایە

ئەمانەتی خودایە

حەبیبی موستەفایە

قەڵاتن لە بۆ مێردان

دیارە مەلای گەورە زۆر پاڵپشتی لە ئافرەتان کردووە، هەوڵیداوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە، کە ئافرەتیش وەک پیاو مرۆڤە و مافی ژیان و بڕیاردانی هەیە، ناکرێ بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ پیاوان سەیریان بکرێ. لەم شیعرەدا مەلای گەورە بە شێوەی پاڕانەوە دەدوێ و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێ، خەڵکی گشتی ئەو بیرۆکە ناپەسەندەی بەرانبەر بە ژن هەیانە بیگۆڕن و وەکوو مرۆڤ لە ژن بڕوانن و جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نەکەن. تەنانەت لەسەردەمی مەلای گەورە، ئافرەتان ڕێگایان پێدرا کە لەگەڵ هاوژین و برا و پیاوانیان لەسەر یەک سفرە نان بخۆن (محەممەد، فاروق، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/١١، هەولێر؛ خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٩/٢٥، هەولێر).

لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە سەبارەت بە گرنگی و پێویستی خوێندن و خوێندەواری لە شعرێکدا دەڵێ:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە

(قال) و (قول) گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە

بەخوا نازانی خوا چی کردووە (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١١٤).

بە شێوەیەکی گشتی، شیعرەکانی مەلای گەورە پەیام و ڕۆشنبیری بۆ کوردان تێدایە، لەو شیعرانەی کە بە نموونە هێنراوەتنەوە، میانڕەوی

و یەکسانی مەلای گەورە نیشان دەدات، لەبەرانبەر ئافرەتان، هاوکات خەمخۆری و دڵتەنگی خۆی بەرانبەر بە کوردان نیشان دەدات و بەردەوام لەخەمی ئەوەدایە کە کورد هۆشیار بێت و یەک بگرێ و ئایندەیەکی ڕووناک و پرشنگداری هەبێ، ئامۆژگارییان دەکات، بایەخ بە خوێندن بدەن تا هەست بە ڕووداوەکان بکەن، لێکدانەوەی بابەتییانەیان بۆ هەلومەرجەکە هەبێت و لە قازانجی نەتەوەی کورد دەرفەتەکان بقۆزنەوە و لە کاتی پێویستیدا بەکاری بهێنن، دواجار کورد ببێتە یەکێک لە میللەتە سەرکەوتووەکانی جیهان.

## ئەنجام

١.بنەماڵەی جەلیزادە، ڕۆڵی گەورە و فراوانیان لە زۆربەی بوارەکانی ژیان هەبووە، بەتایبەتی لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی.

٢.مەلای گەورە، زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردی لە گشت ڕووەکەوە بووە.

٣.مەلا محەممەدی جەلیزادە کەسێکی بیرفراوان و دووربین بووە، خوێندن و زانستی بە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن داناوە، بۆیە نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان ناردووەتە قوتابخانە.

٤.مەلای محەممەدی کۆیە، بە هەموو شێوەیەك دژی شێخ و دەروێشەکانی کۆمەڵگە وەستاوەتەوە و خەڵکی لە ئەفسانە و خورافیات ئاگادار کردووەتەوە.

٥.شیعرەکانی مەلای گەورە فرە ڕەهەندە و بە زمانێکی سادە نووسراوە، ئامانجی ئەوە بوو خەڵك لەو زمانە سادەیە تێبگات و ڕۆڵی بەرچاوی لە هۆشیاری کۆمەڵگەدا هەبێت.

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان

### پەراوێزەکان

(١) یەکەم قوتابخانە بە ناوی ئولای یەکەم، ساڵی (١٩٢٠)لە شاری کۆیە کرایەوە، ئەو قوتابخانەیە تایبەت بوو بە خوێندنی کوڕان و تاکوو ئێستا خوێندن تێیدا بەردەوامە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مام هەژار، ٢٠١٣، ١٤).

(٢) نەجیبە کچی مەلا محەممەدی کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولرەحمانی کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمە، دایکی نێوی حەبیبە کچی شێخ ڕەزای کوڕی شێخ قادری سندۆلانە، لە هەشتی ئابی ساڵی ١٩١٧ لە گەڕەکی بایزاغا لە شاری کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٤دا، لەلایەن مەلای گەورەی باوکی خراوەتە بەرخوێندن و دەستی کردووە بە خوێندن و لە قوتابخانەی (کۆیسنجاق ئولا) لەگەڵ کوڕان چۆتە خوێندن و تاکوو پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، بەیەکەم ئافرەتیش دادەنرێ کە بۆیەکەمجار لەگەڵ کوڕان لە قوتابخانە خوێندوویەتی. ناوبراو لە شەوی ١١/١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی دەروێش خرد لە کۆیە بە خاك دەسپێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شارەزا، ٢٠١٤، ٨٣).

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان:**

**أ- کتێبە کوردییەکان:**


ئەحمەد، زامدار، (٢٠٢١/ أ): ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی.

ئەحمەد، زامدار، (٢٠٢١/ ب): سێوە و دڵدار لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

بابانزادە، کامەران، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، ئامادە کردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەلی زادە، نەجیبەخانی، (٢٠١١): مێژووی جەلی زادە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دکتۆر)، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، ئامادە کردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

شارەزا، کەریم، (٢٠١٤): ئافرەتی ڕووناکبیری هۆشیاری کورد نەجیبەخانی جەلی زادە، (قامووسی ناوە نەمرەکان)، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری، ب١، هەولێر.

صلیوە، هاوژین، (٢٠١٣): مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

عبدالحمید، ئاراس عەبدولخالق (دادوەر)، (٢٠١٥): ئەرشیفی سجلە کۆنەکانی دادگای سەرەتایی کۆیە (١٨٩٤- ١٩٤٠)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

علاءالدین، عەبدولخاڵق، (٢٠٠٩): مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر.

علاءالدین، عەبدولخاڵق، (٢٠١٤): کۆیە... ناودارانی، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

عەبدوڵڵا، هاوکار، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، ئامادە کردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کۆیی، مەلای موحەممەدی جەلی (مەلای گەورە)، (٢٠٠٩): فڕی فڕی قەل فڕی، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشک، هەولێر.

گورژی، مەلا حوسێنی، (٢٠٠٩): کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

مام هەژار، (٢٠١٣): چەپکێ حاجیلەی دەشتی هاموون، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی، (٢٠١٠): بنەماڵەی زانیاران، بڵاوکراوەی کتێبی کانی، سنە.

**ب- کتێبە عەرەبییەکان:**

الجوم حیدري، جواد فقي رسول، (٢٠٠٦): محمد بن عبدالله الجلي وجهودة العلمية، مكتب التفسير، اربيل.

حاجی، مغدید، (٢٠٠٨): الملا محمد الکویي (مەلای گەورە)، مطبعە وزارة الثقافية، طبعة ٢، اربيل.

**دووەم: نامەی زانکۆیی:**

کانی کوردەیی، هەورین عەلی، (٢٠٢١): ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی کۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویی- زارەکییە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی بەشی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە کراوە.

**سێیەم: گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:**

تەیب و شێخ بزێنی، جەمال فەتحوڵڵا و قارەمان نادر، (٢٠١٤): مەسیحییەکانی کۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٣.

ڕەسووڵ نەژاد، عەبدوڵڵا، (٢٠١٨): ڕۆڵی مەلای گەورە لە پەروەردە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییدا، گۆڤاری قەڵای زانست، موجەلەد ٣، ژمارە ٤.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دکتۆر) (٢٠١٧): هەوڵەکانی مەلای گەورەی کۆیە لە چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئاینییدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٧.

صالح، ئاراس محمد (دکتۆر)، (٢٠١٩): بزاڤی خوێندن و زانستی شاری کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا، کۆنفرانسی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا،

چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ناودارانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

ئەحمەد، زامدار، (٢٠١٦): مەلای گەورە و هەوڵە ریفۆرمخوازییەکانی، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە، ژمارە ٧، تشرینی یەکەم.

ڕۆڤار، (٢٠١٢): مەلای گەورە ڕووناکبیرێکی پێشکەوتووخواز، ژمارە ٧١، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دکتۆر)، (٢٠١٦): شاری کۆیە مەڵبەندی ڕێنیسانسی کوردستان، سێبەر و سایە- دووتوێی هەفتەنامەی کەلتوریی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە، ژ ٧١٤٨، سێشەممە، ١٢/٢٠.

عەبدولحەمید، ئاراس عەبدولخالق، (٢٠٠٨): حاکمی کوردستان و ئەرشیڤی دادگای کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٣، ٦/٥.

**پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان:**

خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، خێزانی مەسعوود محەممەد، ٢٠٢٢/٩/٢٥، هەولێر.

محەممەد، فارووق، چاوپێکەوتن، کوڕی مەلای گەورە، ٢٠٢٢/٦/١١، هەولێر.